# بەياننامە بە بۆنەی كۆتايی هاتنی سەركەوتووانەی (كۆنفرانسی كۆماری كوردستان) دووەمين كۆنفرانسی گشتی دەستەی نوێنەرايەتی يەكيەتيی لاوانی ديموكراتی كوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات.

کچان و کورانـی لاو!
ئـەندامان، دۆستان و لایـەنگرانـی یـەکیـەتیی لاوان!
کوردستانیانـی هێژا!

ڕۆژی شـەممە ڕێکـەوتی 30-09-2006 سـەعات 16. 00 لـە سالۆنـی "فۆڵک هوس" ی شاری لیلـەسترۆم هـەڵکـەوتوو لـە 10 کیلۆمیتری شاری ئۆسلۆ پێتـەختی وڵاتـی نۆروێژ، دووەمین کۆنفرانسی گشتی دەستـەی نوێنـەرایـەتی یـەکیـەتیی لاوانـی دێموکراتی کوردستانـی ئێران لـە دەرەوەی وڵات لـە ژێر نـاوی ( (کۆماری کوردستان) )، بـە بـەشداری 35 نوێنـەر، دەستی بـەکارەکانی کرد.

کۆنفرانس بـە سروودی ـ ئـەی ڕەقیب ـ و خوولـەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لـە گیانـی پاکی شـەهیدان، دەستیپێکرد. دواتر کۆنفرانس بـە ڕەسمی لـەلایـەن بـەڕێز جـەعفـەر حامیدی یـەکێک لـە کۆنترین ئـەندامـەکانـی یـەکیـەتیی لاوان لـەم کۆنفرانسـەدا، بـە ڕەسمی کرایـەوە.
بـەڕێز حامیدی لـە قسـەکانیدا باسی لـە ڕۆڵی لاوان و گرینگیی بـەرنامـە ڕێژی لـە کاری لاوان دا و شێوازە گونجاوەکانی گـەیشتن بـە ئـەمانجـەکانی لاوانی، کرد. چۆنیـەتی کارکردنی لاو وەك تاك لـە ڕێکخراوێکی دێموکراتیك و گشتییدا و خۆ گونجاندن و کاریگـەربوونی لاو لـەگـەڵ بنـەماڵـە و کۆمـەڵانی خـەڵك بـە شێوەیـەك کـە هاوسـەنگی هزری خۆی ڕابگرێ و بتوانێ خاوەنی هـەڵوێستی خۆی بێ، بـەشێکی دیکـە بوون لـە قسـەکانی بـەڕێز حامیدی.

بـە دوای قسـەکانی بـەڕێز حامیدی دا، ڕەوتی ئاسایی کارەکانی کۆنفرانس بـەم شێوەیـەی خوارەوە، بوون:
سـەرەتا ئـەم پـەیامانـە کـە بۆ کۆنفرانس نێردرابوون بـەم شێوەیـە خوێنرانـەوە:

1. پـەیامی یـەکیـەتیی لاوانـی دێموکراتی کوردستانـی ئێران (کوردستان)، لـە لایـەن بـەڕێز شوان جوانمێری.
3. پـەیامی دەستـەی نوێنـەرایـەتیی گشتیی یـەکیـەتیی لاوان لـەدەرەوەی وڵات لـە لایـەن بـەڕێز مـەریوان نستانـی.
2. پـەیامی یـەکیـەتیی لاوانـی دێموکراتی کوردستانـی ئێران ـ سوئێد، لـە لایـەن بـەڕێز موکریان نستانـی.
3. پـەیامی یـەکیـەتیی لاوانـی دێموکراتی کوردستانـی ئێران ـ نورویژ، لـە لایـەن بـەڕێز ناسر فـەتاحی.
4. پـەیامی یـەکیـەتیی لاوانـی دێموکراتی کوردستانـی ئێران ـ فینلاندلـە لایـەن بـەڕێز کاوە خزری.
5. پـەیامی یـەکیـەتیی لاوانـی دێموکراتی کوردستانـی ئێران ـ ئاڵمان، لـە لایـەن بـەڕێز ڕامین شێنانـی.
6. پـەیامی کۆمـەڵێك خوێندکاری کورد لـە ئینگلیستان، لـە لایـەن بـەڕێز بـەفرین ڕۆستـەمی.

هـەروەها کۆمـەڵێك بروسکـە و پـەیامی پشتیوانـی کـە بۆ دووهـەمین کۆنفرانسی یـەکیـەتیی لاوان لـەدەرەوەی وڵات هاتبوون، لـە لایـەن دیوانـەوە خوێنرانـەوە، کـە بریتیی بوون لـە:

1. په‌یامی پشتیوانی كاك سه‌لاح حاجی ڕه‌شیدی جێگری به‌رپرسی یه‌كیه‌تیی لاوانی دیموكراتی كوردستانی ئێران له‌ ئوروپا. (ئه‌م په‌یامه‌ ڕاسته‌وخۆ به‌هۆی ته‌له‌فۆنه‌وه‌ پێشكه‌ش به‌ كۆنفرانس كرا. )
2. په‌یامی پشتیوانی كۆمه‌ڵێك له‌ لاوانی دیموكرات له‌ وڵاتی ئوسترالیا.
3. په‌یامی پشتیوانی كۆمه‌ڵێك له‌ لاوانی دیموكرات له‌ وڵاتی كانادا.
4. په‌یامی پشتیوانی كۆمه‌ڵێك له‌ لاوانی دیموكرات له‌ وڵاتی ئامریكا.
5. په‌یامی پشتیوانی كۆمیته‌ی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران له‌ وڵاتی فینلاند.
6. په‌یامی پیرۆزبای ماڵپه‌ڕی سه‌رده‌شت.
پێویسته‌ بگوترێ، كه‌ له‌ په‌یامه‌كاندا وێڕای هیواخواستن بۆ كۆتایی هاتنی سه‌ركه‌وتوانه‌ی كۆنفرانس، پشتیوانی له‌ كۆنفرانس ڕاگه‌یه‌نرابوو.

دواتر، به‌ڕێز مه‌ریوان نستانی، ڕاشكاوانه‌ له‌سه‌ر هه‌لومه‌رجی ئێستای لاوان له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات و گۆڕانكارییه‌كان و كێشه‌كان، قسه‌ی كرد. به‌ڕێز نستانی، سه‌باره‌ت به‌ گرینگی و پێوست بوونی كۆنفرانس له‌م كاته‌ دا قسه‌ی كرد و ووتی: به‌دوای كۆنفرانسی دانمارك دا به‌ هۆی له‌به‌رچاونه‌گرتنی ڕێنوێنی‌یه‌كانی كۆمیته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری گشتیی یه‌كیه‌تیی لاوان و پێشێل كردنی بڕیار و ڕاسپارده‌كانی كۆنگره‌ی سێهه‌می یه‌كیه‌تیی لاوان، له‌ لایه‌ن كۆمیته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری گشتیی یه‌كیه‌تیی لاوانه‌وه‌ به‌ كۆنفرانسێكی نا مه‌شروع ڕاگه‌یه‌نرا و به‌شێك له‌ به‌ڕێوه‌به‌رانی ئه‌م كۆنفرانسه‌ سه‌ركۆنه‌كران. به‌ڵام به‌ هاوكاری ده‌فته‌ری سیاسی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، بۆ ماوه‌یه‌كی كاتیی و هه‌تا ڕه‌خسانی هه‌ل و مه‌رجێكی له‌بار بۆ دووباره‌ گرتنه‌وه‌ی كۆنفرانسی یه‌كیه‌تیی لاوانی دیموكراتی كوردستانی ئێرا له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات، كێشه‌كان چاره‌سه‌ر كران.
نستانی ڕایگه‌یاند به‌خۆشیه‌وه‌ ده‌رفه‌تێكی گونجاو بۆ به‌ڕێوه‌بردنی كۆنفرانسی دووهه‌می ده‌سته‌ی نوێنه‌رایه‌تیی گشتیی یه‌كیه‌تیی لاوانی دیموكراتی كوردستانی ئێران له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات پێكهاتووه‌ و له‌به‌ر ڕووناكایی ڕێنوێنی و ڕاسپارده‌كانی كۆنگره‌ی سێهه‌می یه‌كیه‌تیی لاوان و هه‌روه‌ها به‌ پشتیوانی و ڕێنوێنی كۆمیته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری گشتیی یه‌كیه‌تیی لاوان (كوردستان) ئه‌مڕۆ لێره‌كۆبووینه‌وه‌. نستانی له‌ به‌شێكی دیكه‌ی قسه‌كانیدا ووتی ده‌سته‌ی نوێنه‌رایه‌تی گشتی لاوان له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات، وه‌ك به‌رزترین ئۆرگانی ده‌سه‌ڵاتدار و ناوه‌ندی بڕیاردان، له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات، پێویستی به‌ میكانیزم و مێتۆدی نوێ هه‌ن بۆ كاردن و ڕاپه‌ڕاندن، بۆ ئه‌وه‌ی بتوانێ به‌ باشترین شێوه‌ ئه‌ركه‌ ڕێكخراوه‌یه‌كانی جێبه‌جێ بكا، چ له‌ بواری به‌رنامه‌ دانان بۆ داهاتووی كاری لاوان و هه‌م له‌ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ و گرفتی كۆمیته‌كانی لاوان، له‌ وڵاته‌ جیاوازه‌كان دا.
به‌ڕێز نستانی له‌سه‌ر هاوكاری نێوان كۆمیته‌كانی لاوان له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات و یه‌كیه‌تیی ڕیزه‌كانی یه‌كیه‌تیی لاوان پێ‌ی داگرت و له‌و پێوه‌ندی‌یه‌دا هه‌ڵوێستی چه‌واشه‌كارانه‌ و به‌دوور له‌ پره‌نسیپه‌كانی یه‌كیه‌تیی لاوانی به‌توندی مه‌حكوم كرد كه‌ له‌لایه‌ن كه‌سانێكه‌وه‌ بۆ پێشگرتن به‌ كاروچالاكی‌یه‌كانی یه‌كیه‌تیی لاوان له‌ده‌ره‌وه‌ی وڵات ئه‌نجام ده‌درێن، هه‌روه‌ها ڕایگه‌یاند كه‌ لاوانی دێموكرات به‌ پشتیوانی و هاوكاری ئه‌ندامانی دڵسۆزی یه‌كیه‌تیی لاوان ده‌توانن سه‌ركه‌وتووانه‌ ڕێكخراوه‌كه‌یان له‌ گیروگرفته‌ هه‌نووكه‌یی‌یه‌كانی ڕزگار بكه‌ن.

به‌ڕێز سه‌لاح عبدالله‌پوور، به‌رپرسی گشتیی ده‌سته‌ی نوێنه‌رایه‌تی یه‌كیه‌تیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات، ڕاپۆرتی كاروچالاكیه‌كانی یه‌ك ساڵی ڕابردووی پێشكه‌ش

کۆنفرانس کرد و هەروەها لە کورتە باسێك دا، ئاماژەی بە هێندێك کێشە و گرفتی ڕێکخراوەیی کرد کە تا ڕادەیەك بە هۆیانەوە، ڕەوتی کارەکانی دەستەی نوێنەرایەتی، تووشی سستی ببوون. بەڕێز عبداللەپوور، دەربارەی کۆنفراس و ئامانجەکانی ووتی: ئێمە بە پێی ڕێنوێنی و بڕیاری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەم کۆنفرانسە بەڕێوە دەبەین کە ئەوە هەم پرۆسێسێکی دێموکراتیك وە هەم جێبەجێ کردنی پرینسیپ و پێڕەو پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی لاوانە لە کوردستان لە هەمان کات دا هەڵبژاردنی دەستەیەکی کارامە بۆ بەڕێوەبەری لاوان لە دەرەوەی وڵات، دەبێتە هۆی باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانمان و دەتوانین ئەرکە نیشتیمانی و ڕێکخراوەیەکانمان، باشتر جێبەجێ بکەین.

بەڕێز هاشم ڕۆستەمی، یەکێک لە ئەندامە دێرینەکانی یەکیەتیی لاوان و میوانی کۆنفرانس، لە لێدوانێکی کورتدا، دەربارەی پێوەندی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران قسەی کرد، ڕۆستەمی لە قسەکانیدا ووتی: حیزبی دێموکرات هەمیشە پاڵپشت و هاوکاری یەکیەتیی لاوان بووە، دڵنیاش بن ئەم پشتیوانیە هەر بەردەوام دەبێ. سەبارەت بەم کەم لوتفیەی ئێستای بەشێك لە ڕێبەرایەتی حیزب سەبارەت بە لاوان، بەڕێزی وتی: هەر حیزب یا ڕێکخراوێك تووشی کێشە و ئاستەنگ دەبێ دیارە کە ئەوە شتێکی نەخوازراوە بەڵام بێگومان چارەسەر دەبێ بۆیە داواتان لێدەکەن کێشەکان تێکەڵ مەکەن و بە وریایی لەگەڵ گۆڕانەکان و ئەنجامەکانیان دا، هەڵسووکەوت بکەن.

بەشی دووەمی کاری کۆنفرانس تایبەت بوو بۆ قسەکردن لە سەر ڕاپۆرت و ڕەخنە و پێشنیارەکان. تەوەرە گشتیەکان کە ئەندامانی کۆنفرانس چالاکانە بەشداریان کرد بریتی بوون لە:

1. پێداچوونەوەیەکی مێژوویی بە کار و ئەرکەکانی لاوان لە دەرەوەی وڵات دا.
2. باس لە کێشەی لاوان لە وڵاتان دا و میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنیان بە شێوەکی دێموکراتیك کە مافە ڕێکخراوەیەکانی ئەندامان و کۆمیتەکانی لاوان وەك لە پێڕەو و پرۆگرامی پەسندکراوی یەکیەتیی لاوان دا هاتووە، ڕەچاو بکرێن.
3. چۆنیەتی کارکردن و دابەشکردنی دەسەڵات و لە کاتی کارشێنی دا سزای گونجاو بۆ مەبەستی پاراستنی پرینسیپەکانی ڕێکخراو، لە چوارچێوەی دێموکراسیدا.
4. بەرنامەکانی داهاتووی دەستەی نوێنەرایەتی کە بتوانێ کاریگەرتر و چالاکانەتر ڕاستەوخۆ لە گەڵ کۆمیتەی وڵاتان دا لە پێوەندی دابێ و ئەرکەکانی بەڕێوەبەرێ.

دوای باس و لێدوانێکی گشتگیر و هەمەلایەنە و وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانی بەشداران ڕاپۆرتی کاروچالاکی دەستەی نوێنەرایەتی، پەسندکرا و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس لە 12 خاڵدا گەڵاڵە کران و دوای دەنگ بۆوەرگرتنیان، پێشکەش بە ڕێبەرایەتی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی دووەم کران، بە پێویست دەزانین کە چەند خاڵێکیان لێرەدا باس بکەین:

1. ئەو بڕیارەی کە بەزۆر و لە ژێر فشاردا بە کاک ڕەحمان سەلیمی ئیمزا کراوە، بە ڕەسمی ناناسین و هەتا ئێستاش لە کاناڵی ڕەسمی‌یەوە بەدەستی ئێمە نەگەیشتووە. ئێمە ئەوکارە بە دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە کاروباری تەشکیلاتیی یەکیەتیی لاواندا دەزانین و لەبەرامبەریدا ڕادەوەستین.
2. کۆمیتەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی ئەم کۆنفڕانسە ڕادەسپێرین کە بە تەواوی توانایەوە کاربکا بۆ پاراستنی یەکریزی ڕێکخراوەکەمان، هەروەها هەوڵبدەن بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و ئوسول و بنەما دیموکراتیکەکانی یەکیەتیی لاوان، لە نێو کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان دا لە هەموو جیهاندا.

بەشی سێهەم و کۆتایی کاری کۆنفڕانس تایبەت بوو بە هەڵبژاردنەکان. لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیك دا، ئەم بەڕێزانە وەك ئەندامی ئەسڵی هەڵبژێردران:

1. مەریوان نستانی
2. فریشتە نەریمانی
3. بەفرین ڕۆستەمی
4. ئازاد سلێمانی
5. ڕامان مەعروفی
6. ناسر فەتاحی
7. کاوە خزری
8. موکریان نستانی

هەروەها ئەم بەڕێزانە وەك ئەندامی جێگر هەڵبژێردران:
1. ڕامین شێنانی
2. ابراهیم عەزیزی

تێبینی:
بە گوێرەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە کاک سەلاح عبداللەپوور بە بەرپرسی گشتیی دەستەی نوێنەرایەتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران دیاری کرابوو کۆنفڕانس بەڕێزەوە ئەو بڕیارەی پەسەند کردەوە و کاک سەلاح وەک بەرپرسی دەستەی نوێنەرایەتیی دیاری کرایەوە.

دەستەی نوێنەرایەتی هەڵبژێردراوی کۆنفڕانسی دووەم، لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆییدا، بەم شێوەیە کارەکانی دابەشکرد:

1. سەلاح عبداللەپوور، بەرپرسی گشتیی.
2. مەریوان نستانی، جێگری بەرپرسی گشتیی و وتەبێژی یەکیەتیی لاوان لەدەرەوەی وڵات.
3. موکریان نستانی، بەپرسی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و ابراهیم عەزیزی هاوکار.
4. بەفرین ڕۆستەمی، بەرپرسی ماڵی و ڕامین شێنانی هاوکار.
5. ناسر فەتاحی، بەپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات و ڕامان مەعروفی و کاوە خزری هاوکاران.

www.kurdistannet.org

3-10-2006 19:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

6. ئازاد سلێمانی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی پێوەندیەکان و فریشتە نەریمانی هاوکار.

دوای نزیك بە 7 کاتژمێر، کۆنفڕانس سەرکەوتووانە و لەنێو چەپڵە ڕێزانی لاوانی بەشدار لەم کۆنفڕانسەدا کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

سەرکەوتووبێ یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

دەستەی نوێنەرایەتیی گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
لە دەرەوەی وڵات
01-10-2006
www. lawan. eu